# پیویستە ئەو واقعیەتە درك بکرێت کەخەلکی کوردستان لەچوارچیوەی فکرو تیۆرو سیاسەیتکی دیکەدا بیربکەنەوە وخەریك بن بەدوای ڕێگا چارەی خۆیاندا بگەرین

**گفتوگۆ لەگەل سامان کەریم سەرۆکی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە کۆنگرەی نیونەتەوەی بەغدا**

**خەسرەوسایە: هەروەك نێوەندەکانی راگەیاندن ئاماژە یان بەوەداوە کە کۆنگرەی نیونەتەوەیی سەبارەت بە باروۆدخی عیراق کەچەند رۆژ لەمەوبەر لە شاری بەغداد بەریوەبرا یەکیك لە سەرنجراکیشترین رووداوە سیاسیەکانی ئەم هەفتەیەیە. لەمبارەوە هەندێ هیزو لایەن هەیە ئومیدی خۆیان بەم کۆنگرەیەوە گرێ داوە و چاوەروانی ئەوەی لێدەکەن کە باروۆدوخی عیراق بەرەو هێوربوونەوە بروات. هەشە بەگومان و تیرامان و چاوەروانیەوە بۆی دەروانی. کەمیش نین ئەولایەنانەی رەخنەدەگرن وبیئومیدی لیدەچننەوە.. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی بەگشتی چۆن لەم رووداوە دەروانی؟ زەمینەو چوارچیوەکانی هاتنە پیشی ئەم کۆنگرەیە بۆ چ واقعیاتیکی سیاسی دەگەریتەوە؟**

**سامان کەریم:** سوپاس بۆ ئێوە. دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە من لە ژمارەی پێشووی ئۆکتۆبەردا بەشێوەیەکی هەمەلایەنە باسی زەمینەو چوارچیوە سیاسیەکانی گرتنی ئەم کۆنگرەیەم کردوە. لەویدا ئاماژە بەوەکراوە کە کە تەوەرەی سەرەکی هاتنە پێشی کۆنگرەی بەغدا، شکستی سیاسەت‌و ئیستراتیژی سیاسی‌و سەربازی ئەمەریکایە لە عێراق‌و ناوچەکەدا. جەختکراوەتە سەر ئەوەی کە ئەمەریکاو ئیدارەی بۆش ناچار بون بەشێوەیەکی عەمەلی‌و لە ئەرزی واقعدا بە پێی راسپاردەکانی بیکەر-هاملتون بچنە پێشەوە. ئەمەریکا شکستی خواردوە بەلام دانیپێدانانیێت‌و بەعەمەلی شکستی خۆی بە بەستنی ئەم کۆنگرەیە ڕادەگەیێنێت. بۆ یە ناچار بوە کە شان بداتە بەر بەستنی کۆنگرەی بەغدا کە لەراستیدا بەمانای ووشەکە کۆنگرەیەکی نیو نەتەوەیی بوو، کە تیایدا جگە لە وولاتانی زلهیزی دنیا سوریاو ئیران‌و وولاتانی دیکەی ناوچەکە بەشداریان تێداکرد. کۆنگرەیەکی لەم چەشنەو ناولێنانی وەك کۆنگرەیەکی ئەمنی، بەجیا لە ئیدعاکانی ئیدارەی بۆش‌و حکومەتە دەستکردەکەی لە بەغدا، مانای ئەوەیە کە یەکەم/ ئیتر ئەمەریکا بەرۆشنی رادەگەیەنێت کە هیچ ئەلتەرناتیڤێکی پێنیەو لە توانیدا نیە کەچارەسەری کێشەکانی عێراق بکات لە نەبونی ئەمنیەت‌و شەری تیرۆریستی لە گەل ئیسلامی سیاسی، تا دەگاتە ساغکردنەوەی دەولەت لە عیراقدا. دووەم/ چی دیکە وەك سێ سال لەمەوبەر ناتوانێت لە عێراقدا تاك ڕەوانەو بەبێ بەحساب هێنانی وولاتانی زلهێزو تەنانەت بە بێ بە حساب هێنانی وووڵاتانی ئیقلیمی وەك ئیران‌و سوریاو سعودیەو تورکیا، کارەکانی بباتە پێشەوە. کۆنگرەی بەغدا بزمارێکی گەورە بوو لە تابووتی ئیمپراتۆریەتی تاك رەوانەی ئەمەریکا درا. سێهەم/ ئەم حکومەتە دەستکردەی کە لەبەغدا دانراون نەك توای چارەسەری کێشەکان‌و دابینکردنی ئەمنیەتی نیە بەڵکو سەرانی حکومەتەکە خۆیان بەدوای جیگای ئارام‌و ئەمندا دەگەرێن. ئەم کۆنگرەیە دەرخەری ئەو راستیەیە کە تا ئێستا نە دەولەت لە عێراقدا یەکلانەبۆتەوە. هەروەها نیشانی دەدات کە ئەم حکومەتە ئیسلامی‌و قەومییەی بەغدا هیچ پەیوەندییەکی بەهیواو بەرژەوەندی زۆربەی زۆری خەلکی عیراقەوە نیەو ناتوانێ هیچ کێشەیەك چارەسەر بکات.

**خەسرەوسایە: بەلام هەرچۆنیك بیت ئەم کۆنگرەیە لایەنە نەیارەکانی هیناوەتە سەر میزی دانیشتن و گفتوگۆ بەتایبەتی ئەمریکا لەلایەك و نوینەرانی دەولەتانی ئیران و سوریا لەلایەکی ترەوە، ئەمە جگەلەوەی کەبریارە لەمانگی داهاتوودا کۆنگرەیەکی هاوشیوە ببریتە شاری ئەستەنبول/توریکا.. ئیوە ئەم پەیوەندییانەو ئەم دانوسان ولیك نزیکبوونەوانانە چۆن دەبینن؟ ئایا پیتان وانییە مەسەلەی عیراق خەریکە دەبرێتە نێو کیشەو گرفتیکی فراوانتری ناوچەیییەوە. لەوانە مەسەلەی پیشەسازی ناوەکی ئیران و کیشەی سوریاو ئیسرائیل لەمەر لوبنان و فەلەستینەوە؟**

**سامان کەریم:** من پیم وابێت، مەسەلەی سەرەکی لەکۆنکرەی بەغدادا عێراق‌و هەلومەرجی مەینتباری عێراق‌و نەبونی ئەمنیەت نەبوو لەعیراقدا، ئەگەرچی باسکراوە. بەلکو کێشەو مەسائیلە گرینگەکانی دیکەی ناوچکە بوو، کە هەریەك لە وولاتانی زلهیزی دنیاو وولاتانی ناوچەکەش لە روانگەی جیاوازەوە سەرنجی دەدەنێ‌و مامەڵەی لەگەڵ دەکەن. کۆنگرەی بەغدا تەنها وەسیلەیەو رایەل‌و پۆی پێکەوە گرێدانی گشت کێشەکانی ناوچەکە بوو لە ژێر ناوی کۆنگرەی بەغدادا. چونکە ڕۆشنە کێشەکانی ناوچەکە، جێگاو نفوزی وولاتانی ناوچەکە لە رۆژهەلاتی ناوەرستدا، جیگاو ریگای وولاتانی زلهێز، مەسەلەی نەوت‌و چۆنیەتی وەبەرهێنانی‌و ناردنە دەرەوەی وەك گرینگترین سەرچاوەی وزە لە دنیای ئەمرۆدا، کێشەی مێژویی وقولی عەرەب- ئیسرائیل بەگشتی‌و بەتایبەتی فەلەستین- ئیسرائیل‌و سوریا- ئیسرائیل و هەروەها کێشەکانی دیکەی وەك کێشەی ئەتۆمی‌ئیران‌و...هەر هەموویان بە حوکمی هەلومەرجی سیاسی ناوچەکەو داگیرکاری ئەمەریکا پێکەوە بەستراون. لە چەند لایەنێکەوە ئەم مەسەلەیە جێگای سەرنجدانە: یەکەم/ بونی بزوتنەوەیەکی ناسیونالیزمی عەرەبی فراوان لە ئاستی ناوچەکەدا کەتا داگیرکاری عێراق ئەم ناسیونالیزمە عیراقی چەرخاندوەو خاوەن دەسەلاتی یەکەم بووە، ئەم بزوتنەوەیەو هیزو حکومەتەکانی بەجیا لە جیاوازی سیاسەت‌و مانۆری سیاسیان بەلام هەموویان بەرانبەر بە نفوزی ئیرانی هاونەزەرن و تارادەیەکی زۆر بەتایبەت تا کۆتایی هاتنی جەنگی ساردا لەبەرانبەر ئیراندا هاوسیاسەت بوون، دووەم / مەسەلەی ئیستراتیژی سیاسی ئەمەریکایە لە ناوچەکەدا کە دەیەویت لەم ریگەوەو بە بیانوی کێشەی جۆراوجۆی ناوچەکەوە لە وانە کێشەی ئەتۆمی ئێران، بگاتە ئامانجی خۆی کە فەشەلی هێناوە. بەهەموو ئەم مانایانە کێشەکانی ناوچەکە پێکەوە بەستراون. ئەمە لە روانگەی بورژوازیشەوە بەمانای ئەوەنیە کە هیچ کامیان لە پێش ئەوی دیکەدا چارەسەر ناکریت، بەڵکو

واقعیەتیکە کە بە بڕوای من پێش هەر لایەنێك خودی ئەمەریکاو ڕۆژئاوا بەرپرسن لە قول بونەوەو کەڵەکەبونی کێشەکانی ناوچەکە. ئالوگۆرە تازەکان و نزیك بونەوەو دورکەوتنەوەی نێوان هێزو حکومەتەکانی ناوچەکەو وڵاتانی زلهێز لە نیوان خۆیانداو لەگەڵ هەر یەك لەوولاتانی ناوچەکەدا پێویستە لە چوارچێوەی ئاوێزان بونی کێشەکانی ناوچەکەو ئالوگۆرێك کە بەسەر هێز هاوسەنگی نێوان هێزە کاندا هاتوە بەتایبەت دوای فەشەلو شکستی ئەمەریکا لە عیراقدا، سەرنج بدرێت.

بۆیە بە بڕوای من ئەصلی کێشەی عێراق بەجیا لە پڕو پاگەندەو مانشێتی سەر رۆژنامەکان، خۆی کێشەیەکی نەك تەنها ناوچەییە بەلکو جیهانیشە. ئەمەریکا بڕیار بوو عێراق بکاتە دەروازەی بەدیهێنانی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە، کە شکستی خوارد. بۆش دەڵی جەنگی عێراق جەنگی سەدەی بیستو یەکە... وە ئیدارەی بۆش خۆیان دەلین کە سەرکەوتن لە عێراق ڕیگای بەدیهێنانی نەزمی نوێی جیهانیانە. واتە ئەو ئامانجەی کە 16 ساڵە خەریکن بۆ بەدیهێنانیو لە پێناویدا گەورەترین کارەساتی ئێنسانیییان سەپاند بەسەر کۆمەڵگای بەشەری ئەمڕۆدا لە یۆغسلافیاوە بگرە تا دەگاتە صۆماڵو عێراقو ناوچەکانی دیکە. من دەڵیم ئەم خەونە بەهۆی عێراقەوە نەك بەدینەهات بەڵکو عێراق ئەو جوگرافیایە بوو کە هیواو ئیستراتیژی جیهانی ئەوانی بەتەواوی خستۆتە ژێر پرسیارەوە. لەم ڕوانگەیەشەوە دیسان کێشەکە خۆی نێونەتەوەیی. هەم ئیستراتیژی ئەمەریکا جیهانیەو هەم لەگەلیدا بونی سوپای زیاتر لە 16 وولآت لە عێراقدا کە لە وولاتانی ئەریکای باشورەوە سوپایان هەیە لە عێراقدا تادەگاتە ئەوروپای رۆژئاواو رۆژهەلاتو تا ئەوپەری رۆژهەلاتی ئاسیا. بۆیە کێشەکە خۆی جیهانیە.

بەلام مەسەلەی جدی ئەوەیە کە عێراق تا ئێستا وولاتیکی داگیرکراوەو دەسەلاتیك کە دانراوە دەسەلاتیکی میلیشاییو دەستکەلای داگیرکەرە. بۆیە هیچ تواناییەك ناتوانیت لەخۆی نیشان بدات بەرانبەر ئەوەی کە ڕیگا نەدات عێراق بکریتە وەرقەی سیاسیو گالتەپیکردنی وولاتانی زلهیزو وولاتانی ناوچەکە. بەتایبەت هەریەك لە هێزەکانی هاوبەش لەم دەسەلاتە پەرتو بلآوو کۆنەپەرستەی بەغدا سەر بەیەکێك لە وولاتانی دراوسێن یان لەهاوپەیمانیەکی ناراستەوخۆو نامقدسدان لە گەلێاندا.

بەبڕوای من لە روانگەی خۆش بەختی ئینسانو رزگاری بونی لە نەهامەتی شەری تیرۆریستیو تائیفی وقەومی و دابینکردنی ئەمنیەتو ئارامیو خۆشگوزەرانی بۆ جەماوەری عێراق هیچ چارەیەك نیە جگە لەکردنە دەرەوەی هیزەکانی داگیرکەرو ڕامالینی ئەم دەسەلاتە کۆنەپەرستو وشکە کەلەکە و دامەزراندنی حکومەتی عەلمانیو ناقەومی. ئەمە رەهەندی ئیمەیە. کە ئیمە پێویستە وەك هیزیکی سیاسی ئامادەبین بۆ بەدیهێنانی ئەم نیازە. ئەوکات بەبروای من تەواوی ئەو هاوکێشانە دەگورێنو گشت ناوچەکەو بگرە جیهانی موتەمەدنیش دەکەویتە قوناغیکی نوێی خەباتی رزگاریخوازنەی ئینسانیەوە لەپێناو دابینکردنی ئازادیو یەکسانیدا..

**خەسرەوسایە: هاودەمی ئەم کۆنگرەیە دەزگاکانی راگەیاندنی عیراقی باس لە سەرهەلدانی کتلەبەندی نوی و ئیحتمالی تیکچوونی ئەو ریزبەستنەدەکەن کە ئیئتلافی شیعەکان و کوردەکان میحوەربووتیایدا و دواتریش حکومەتی مالیکی پێکهینا. بەتایبەتی کشانەوەی حیزبی فەزیلە لەئیئتلافی یەکگرتوو، پاشان دەرکەوتنەوەی عەلاوی لەپشتی خەلیلزادەوە ومقومقوی پیکهاتنی کیتلەیەکی نیشتمانی لەگەل سونیەیکان و بەرەی تەوافقدا.. ئەم هەولانە تاچەند بەواقعی دەبینین و ئایا جیگایەکیان هەیە لەسەر ئایندەی عیراق و تێپەرکردنی ئەوزاعەکانی ئێستا؟**

**سامان کەریم:** هەمەوو ئەوهیزانەی کە خەریکن مالیان دەگوازنەوە لە بەرەو هاوپەیمانیەکەوە بۆ یەکێکی دیکە، یان هاوپەیمانی نوێ دروست دەکەن، هەمەوویان ئەوانەن کە ئێستا لە بەغدا دەسەلاتدارانو هەندیکیان دەیانەویت بەعسیەکانیش بهێننەوە. هەمەوو ئەم ئالوگۆڕانە واقعینو پێویستە وا مامەلەیان بکەین. بەلام بەبروای من هیچ کام لەم هیزانە توانای ئەوەی نیە لە عێراقدا دەولەت دروست بکات. هەر هەمویان یان هیزگەلێکی ئیسلامی سیاسی تائیفین بە شیعیو سوننیەوە یان ناسیونالیزمی عەرەب یان کوردە.. هیچ یەك لەم هیزانە ناتوانیت وەلام بداتەوە بەمەسەلەی دەولەتو یەکلاکردنەوەی. بۆیە من ئەنجامی جیگۆرکێکان لە راستایی پیکهێنانی دەولەتێکدا نابینم. دیارە کە دەلیم دەولەت مەبەستم دەولەتی بورژوازی خۆیانە.

بەم پێیەش هیچ جیگاو ریگایەك بۆ ئەم هەولو هاوپەیمانیانە لە عیراقدا نابینم کە ببیتە هۆی ئەوەی لایەنی کەم ئەمنیەت بۆ خەلك دابین بکات. من پیم وایە ئەم هیزانە لەباری سیاسیەوە بۆ پیکهێنانی دەولەت لە عێراقدا کۆتایییان هاتوەو بن بەستن. بەلام ئەم هەول و هاوپەیمانێتییە تازانە پێش ئەوەی هەولو کۆششێکی سەرکردایەتی ئەم هیزانەبیت لە پیناو ئالوگۆریك کە خۆیان بەنەزەریان دەکات بەرئەنجامی واقعیەتیکی ترە، کە ئەویش شکستی ئیستراتیژی ئەمەریکایە لەعێراقو ناوچەکەداو لاوازبونی جێگاو رێگایەتی لەئاستی جیهانیدا، کە ئەمەش گشت چوارچیوەو ئیستراتیژی سیاسی پێشووی ئەم هێزانەو هاوپەیمانیەك کە پیکەوە بۆیان هەڵدەوەشێنێتەوە لەلایەكو لەلایەکی دیکەوە بەناچار قبولکردنی ناسیونالیزمی عەرەبە وەك بزوتنەوەیەکی ناوچەیی گەورەو خاوەن چەندین حکومەت. کە بەحوکمی فەشەلو شکستی ئەمەریکاو ترس لە جێگاو ڕیگای زۆر بەهێزی ئێران لە ناوچەکەو بەتایبەت عێراقدا، ئیمە شاهیدی ئەم جێگۆرکێیانەی نێوان هیزە راستەکانین.

هە ربۆیە هەلومەرجی سیاسی عێراقو پرۆسێسێکی سیاسی کە تێیپەڕاندوە یان خەریکن ئالۆگۆریکی بەسەردا دەهێنن، بەتەواوی دەرگیرە لەگەل ئەزمەیەکی بناغەییو قوڵدا. دیسان مەجبورم جەخت بکەمەوە سەر ئەوەی تەنها هێزیك دەتوانێت ئەم پرۆسێسە تێپەرینێت کە لەباری واقعیەوە بتوانیت حکومەتێکی عەلمانی و ناقەومی دابمەزرێنیت لەعێراقدا. لە روانگەی تیۆریو سیاسیەوە، بورژوزای ممکنە حکومەتی وا پێك بهێنیت بەلام لەعیراقدا ئیمە شاهیدی بونی بزوتنەوەیەکی لەم چەشنەی بورژوزای نین. هێزێك کە هەبێت ئەم کارە بکات، تەنها ئێمەین.

**خەسرەو سایە: کۆنگرەی بەغداد هەرچۆنێک بیت رووداویکی سیاسیە. بەرای ئیوە  چ کاریگەریک بەجێد ێلیت لەسەر وەزعیەتەکانی ئیستای کوردستان؟**

**سامان کەریم:** سەرەتا دەمەویت ئاماژە بەوەبکەم کە خەلکی کوردستان بەتایبەت لاوانو کریکارانو ڕۆشنبرانو چەپو ئازادیخوازانی کۆمەڵگاو خەلکی ناڕازی کە دووساڵە لە سەر شەقامەکان نارەزایەتی دەردەبڕن، جیگای خۆیەتی بڕیك زیاتر بە لێکدانەوەو چوارچیوەی سیاسەتێکدا بچنەوە کە تا ئێستا بۆتە ئاسۆی لێکدانەوەو بریاردانی سیاسیان. من دەلێم هەموو ڕوداو ئالوگۆرەکان بە شێوەیەکی رۆشن نیشانیداوە کەهەر هیوا و ئامانجیکی خەلکی کوردستان لەدەرەوەی سیاسەتی ئەمریکاو وولاتانی دیکەی زلهیزو ناوچەکەدایە. تەنانەت سیاسەتی خودی هیزە دەسەلاتدارەکانی کوردستانو بەشیوەیەکی رۆشن روولەشکست و قەیرانە. ئیتر پیویستە ئەو واقعیەتە درك بکرێت کەخەلکی کوردستان لەچوارچیوەی فکرو تیۆرو سیاسەیتکی دیکەدا بیربکەنەوە وخەریك بن بەدوای رێگا چارەی خۆیاندا بگەرین. ئەویش بەبروای من مارکس، مەنسوری حیکمەت، وە لینینە. حزبی ئیمە حزبی ئەو بزوتنەوەیەیە کە ئەوانە رابەرو سازماندەری بون لەهەلومەرجی جیاوازی میژویدا.

بەبروای من هەلومەرجی کوردستانی ئالوگۆی بە سەردا دێت، گشت ناوچەکەو عێراق دەرگیرە لەگەل ئەزمەیەکی قولو بورژوزای بەجیهانیو محەلیەوە بۆیان چارەسەر ناکرێت. ناسیونالیزمی کورد دەرگیرە لەگەڵ چوراچیوەی سیاسەتو ئیستراتیژێك کە بۆخۆی داناوە یان دانابوو ئێستا بن بەستەو توانای جولانەوەو دەربازبون لێی زۆر زەحمەت بووە. ئیسلامی سیاسی لەکوردستان پایەگایەکی کۆمەلایەتی بەهیزی ئەوتۆی نیەو لەلایەکی دیکەشەوە جێگای قبولی خەلك نیە. فیدرالیەتو ماددەی 140و سەروەری لەسەر کانە نەوتەکانی "هەریم"و دەولەتی دیموکراتو فیدرالی عیراق کە گشت ئومیدو ئیستراتیژی ناسیونالیزمی کوردی پیکدەهێنا، هەموویان روولەبن بەستن و ناسیونالیزمی کورد لەگەمەی ئەمەریکیدا پەلەقاژە دەکات. لەهەلومەرجیگی وادا کە خودی دەولەت لەعیراقدا و لە روانگەی بورژوزایشەوە لە مەودایەکی نزیکدا قابیلی یەکلاکردنەوەنیە، ناسیونالیزمی کورد لە پیناو مانەوەی دەسەلاتداریتی خۆیو خواردنو هەڵلوشینی سەرەوەتو سامانی خەلکەکەی ئامادەیە دەست بگریت بە پوشێکەوە. مانەوەی هەلومەرجی ئێستان لەسایەی دەسەلاتی میلیشایی ناسیونالیزمی کوردو برەودانی زیاتر بە گەندەڵیو سەرکوتی سیاسی، یان بۆنمونە تەسلیمکردنی کوردستان بە وصیایەکی نێو دەولەتی یان رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان. هەلومەرجێك کە زیاتر لە 10 ساڵ خەڵکی کوردستان تاقیان کردەوە شەری نێوخۆ یەکیك بوو لە سیماتەکانی، بەلام ئەمجارەیان لە ژیر سایەی بریاریکی نیونەتەوەیدا. ناسیونالیزمی کورد بەم ئۆردوگایەش رازاییە بەمەرجی مانەوەی خۆی لەدەسەلاتدا.

ریگا تەنها جیابونەوەی کوردستانو پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆیە. دەولەتێك کە دەوڵەتی دانیشتوانەکەی بێت، بەجیا لە قەومو دینو تائیفە. هەموو دانیشتوانی کوردستان لەسەرپایەی مافی هاوولاتیبونی یەکسان بەرەسمی بناسێت، کە ئیمە ناومان ناوە دەولەتیکی عەلمانیو نا قەومی. دەولەتیکی موتمەدنو ئینسانییە، کە بروای من ممکنەو قابلی بەدیهێنانە. ماوەتەوە سەر ئامادەییەکانی ئێمە بۆ جێبەجیکردنی. من خەلکی کوردستان بانگەواز دەکەم بۆ بزوتنەوەیکی سەرتاسەری ڕێکخراو و بەهێز کە بتوانیت لە رفراندۆمێکدا کوردستان جیابکاتەوەو خەباتی خۆی درێژە پێدات تا بەدیهێنانی دەولەتێکی لەو چەشنە.